## ئەو عوسمان بانی مارانییەی کە کاک نەوشیروان خۆی ناوی لێنابوو

# عوسمان بانی تاڵانی

• ئـەم وێنانەی لەبەرچاوتانە وێنەی قەسـر و دەواجن و مەتعەمەکەی عوسـمان بانی مارانین، ئەو عوسمان بانی مارانییەی کەهەتا کاک نەوشـیروان لەناو یەکێتیدا مابوو خۆی ناوی لێنابوو (عوسمان بانی تاڵانی!) چونکە ئەوەندەی تاڵانی و برۆ کردبوو لەناو خەڵکدا و ئەوەندە پرسیاری لەسەر دروست ببوو، بەتایبەتی لەناو خەڵکی کۆیە و تەقتـەق و هەولێر کە دەیانگوت باشە لەسـەر چ بنەمایەک و چۆن چۆنی ئەم پیاوە بووە خاوەنی ئەم هەموو ماڵو موڵکە و لە کوێی هێنا؟ چ عەقڵێـک دەیبڕێ بـە مووچەی ئەندام پەرلەمانـی (لەگەڵ ئەوەی کەئەم موچەیەش خراپ نییە) بەڵام چ عەقڵێک دەیبڕێ بەتەنیا مووچەی ئەنـدام پەرلەمانی ئـەم هەمووە کەڵەکە بکرێت؟!

• عوسـمانی بانـی مارانـی ئەو کاتـەی کە لـە پەرلەمان قسـەی دەکرد زۆر باسی پێویستی هەبوونی شـەفافییەتی لە عەقدەکانی نەوتدا دەکـرد و دەیگـوت دەبێـت خەڵک هەمـوو وردەکارییەکانـی هەموو ئەم عەقدانـە بزانێـت هەرچەندە فێرکرابوو ئەم کێشانە لەپەرلەمانی کوردستان دروست بکات ئەگینا ئەو لەهیچ روویەکـەوە نەک هەر هیچ لە عەقدەکانی نەوت نازانێت بەڵکو ئەگەر بۆیشی باس بکەیت ئەسڵەن تێشی ناگات! ئەوبە حروفی ئەبجەدی دەڵێـت حروفـی ئەمجـەدی! ئیتر عەقدی نەوتی چی؟ بەڵام با ئێستا ئەم گۆڤارە پرسـیارێکی لێ بکات و پێی بڵێت ئەی باشـە بۆچی باسی شەفافییەت ناکەیت لەخستنەرووی وردەکاری ئەم قەسـری قەیسەرە و بۆچی باسی شەفافییەت و وردەکاری دەواجـن و مەتعـەم و مووچەی بن دیواری خزم و برادەرەکانت ناکەیت؟

ئینجا دوای ئەمەش هەق وایە تەنیا دوو پرسیار ئاراستەی کاک نەوشیروان بکرێت و پێی بوترێت ئەی بەڕێز.

١- ئایا لە کەیەوە عوسـمان بانـی تاڵانی کەخۆت ناوت لێنابوو بووەتەوە بە عوسمان بانی مارانی؟

٢- ئایا بەتەمایـت بەهۆی کەسـێکەوە کە ئێسـتا لە لیسـتەکەتدایە و خـۆت نـاوت لێنابوو عوسـمان بانی تاڵانی ئایا بەتەمایت بەهۆی ئەم کەسـە و نموونەی لەم جۆرەوە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکەیت و جیاوازی چینایەتی کـەم بکەیتەوە؟ قوڕ بەسـەر خەڵکی هەژار کە بەتەمای عوسمان بانی تاڵانی بێت لەم دنیایەدا بەهەشتی بۆ دروست بکات، عوسمانێک کە هەر خەریکی دروستکردنی دەواجـن و مەتعەم بێت چی داوە لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی



خانووەکەی عوسمان بانی مارانی لە کۆیە



دەواجنەکەی عوسمان بانی مارانی لە کۆیە

ئایا ئەگەر ئەنـدام پەرلەمانێک هەر لە غەمی زۆر کردنی ژمارەی مریشـک وهێلەکـەی دەواجنەکەیدا بێت سـەری ئەوەی دەپەرژێت لەپەرلەمان دیفاع لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردسـتان بکات، ئایا عەجیب و غەریب نییە عوسـمان بانی مارانی بوویبێتە ئەو نموونەیە کە کاک نەوشـیروان هانای بۆ ببات و ئایا کاک نەوشـیروان دەیەوێت بەهۆی ئەم نموونانەوە سیسـتەم بگۆڕێت؟ دنیایەکی سـەیر تێ کەوتووین!